# چ کارتێکی شاشە بۆ کۆمپیوتەرەکەمان گونجاوە




کارتی شاشە، ئەو پارچەیە کە ئەرکی ڕێکخستنی ڕەنگەکانی لەکۆمپیوتەردا لەئەستۆیە، کارتی شاشـــە گرنگترین پارچـــەی کۆمپیوتەرە، هەر لەو کاتەوە کـــە مۆلتی میدیا واتە میدیای دەنگ و ڕەنگ بۆتە یەکێك لەشتە گرنگەکانی ژیان، کارتی گرافیکیش گرنگی خۆی زیاتربووە.


کارتی شاشـــە گەلێك جۆری هەیە، بەپێی جۆر و توانایان نرخەکانیـــان دیاری دەکرێن، هەربۆیە هەڵبـــژاردن لەنێوان جۆرەکانی کارتی شاشەدا تا ڕاددەیەك دژوارە. گەر کارتێکی شاشە هەڵبژێرین، بـــەڵام خێرایی لەســـەرێ نەبێ، بێگومان پەســـەندی ناکەی، هەروەها گـــەر کارتێکی گرافیکی باش و خێراش هەڵبژێری، بەڵام کارەکەی تۆ پێویستی بەو کارتە نەبێ، ئەوە لەخۆڕا پارەیەکی زیادیت بە فیڕۆ داوە. بەر لەکڕینـــی کارتی گرافیکی دەبێ بزانی چ کارێکت بە کارتی گرافیکییە، گەر ئەرك و کاری تۆ نووسین و نەخشەسازییە، ئەوە پێویســـتت بە کارتی گرافیکی زۆر ئاســـت بەرز نییە، بەڵام گەر ئەرك و کارەکەت ڤیدیۆ و مۆنتاژی فیلم و دروســـتکردنی ئەنیمەیشنە و هەروەهـــا یاری کردنە، ئەوە دەبێ کارتی گرافیکی باش دابنێیە ســـەر کۆمپیوتەر. پێویستە ئەوە بزانی هەر کارتێکی گرافیکی بۆ جۆرە سایزێکی شاشـــە دەگونجێت، واتە گەر کارتی گرافیکیت ئاستی بەرز و لەسەرێ بێ، بەڵام شاشەکەت بچووك بێ ئەوە دیسان ئەو فیلمە یان ئەو یارییەی دەکەی تێك دەچێت.

# یاری شەترەنجی سێ ڕەهەندی



شـــەترەنج هەم لەریزی یارییەکی گرنگی بیرو هۆش دادەندرێ و هەم وەك وەرزشـــیش ســـەیر دەکرێ، ئەوانەی کە ئۆگری ئەو یارییەن دەزانن یاریکردنی شەترەنج چەندە سەرنجڕاکێشە، تەنانەت پسپۆرانی بواری تەندروستی پێیانوایە کە ئەوانەی شەترەنج دەکەن هیچ کات تووشی نەخۆشی ئالزایمەر واتە «لەبیرچوونەوە» نابن.

یـــاری شـــەترەنجی Chess3D یارییەکی شەترەنجی سێ ڕەهەندییە، کە ئێوە هـــەم دەتوانـــن لەگەڵ کۆمپیوتەر یـــاری بکەن و هەم لەگـــەڵ کەســـی بەرامبەرتان. ئەم یارییە شەترەنجە وەك یارییەکانی دیکە نییـــە، چونکە تەواو ســـێ ڕەهەندییە. دەتوانـــی کاتێـــك لەگەڵ کۆمپیوتەر یـــاری دەکەی، یەکێـــك لە یاریزانە بەناوبانگەکانی جیهان بێنیەبەرامبەر خۆت. تەنانەت بەهۆی ئەو یارییەوە دەتوانی لەگەڵ کەسی بەرامبەرت لەسەر ئینتەرنێتیش یاری بکەی. دەتوانی ئەو یارییە لە سایتی www.kamyabonline.com وەربگرن.




# پرۆگرامێک بۆ دۆزینەوەی پاسوردەکان

پاســـوۆرد واتە کـــۆدی نهێنی، ئەو کارەکتەرانەن کـــە بەکارهێنەر بۆ سیستەمی ئەمنیەتی لەسەر فایل و داتا شەخسییەکانی خۆی دادەنێت. زۆر جار ئەو فایلانەی کە لە ئینتەرنێت دایان دەبەزێنین یان لە شـــوێنی دیکە وەریدەگرین، یان فایلێکمان لەبەردەستدایە کەچی پاسوۆردی لەسەر دانەنراوە و ئێمەش پاســـوۆردەکەی نازانین، لە کاتێکی وادا چ بکرێت. بۆ ئەم مەبەستە پرۆگرامی Password Recovery Magic لەریزی باشـــترین پرۆگرامەکان دێتەژمار. ئەو پرۆگرامە بۆ کردنەوەی پاسوۆردی فایلەکانی zip،rar، هەروەها ئەو پاسوۆردانەی لەسەرفایلە دەقیەکانـــی word و کۆمەڵە پرۆگرامەکانـــی ئۆفیس دادەنرێت زۆر سوودمەندە. دەتوانی ئەو فایلە لەو ئەدرەسەی خوارەوە دابەزێنن.
.http://clicklinks.ir/30005c

# کاتژمێرە پلەیەرەکان

گۆڕانکارییەکان لەجیهانی تەکنۆلۆژیادا زۆر خێران، تێکەڵاوکردنی دوو ئامێر و سێ ئامێر لە یەك ئامێردا بۆتە ستایلێکی نوێی جیهانی تەکنۆلۆژیا. ئـــەو ئامێرەی دەبینن هەم پلەیەرە واتە فایلە دەنگی و رەنگییەکان دەخوێنێتەوە و هەم وەك کاتژمێرێکی سەرمێزیش سوودی لێوەردەگیـــرێ. کاتژمێرە پلەیەرەکە بە Aphelion ناســـراوە، ئەو ئامێـــرە دەتوانی بەیانیـــان بە مۆســـیقییەکی زۆر خۆش لە خەوت بەخەبـــەر بێنێ. جگە لەوەش ئامێرەکە رادیۆشـــە دەتوانی گوێ لە ئێزگە رادیۆییەکانیش بگری.




# وێندۆزێک لەگەڵ چەندین تۆڕدا

گەر لە یەك کاتدا لە چەندین تۆڕی کۆمپیوتەری یان هێڵی ئینتەرنێت ســـوود وەردەگرن، ناچارن هەموو جارێك رێکخستنی تۆڕی ویندۆزەکەتان گۆڕانـــکاری تێدا پێك بێنن، بۆ هەر تۆڕێك رێکخســـتنێکی نوێ ئەنجام بدەن. با نموونەیەك لەم بوارەدا باس بکەم، بۆ نموونە ئێوە لاپتۆپتان هەیە کە هەم لە ماڵەوە و هەم لە شوێنی کار سوودی لێوەردەگرن، هەردوو شوێنەکەش هێڵی ئینتەرنێتی تایبەت بە خۆیان هەیە، بۆ نموونە هی ماڵەوە تارین نێتە و هی دائیرەش هێڵی ویگۆیە، «IP» واتە ئەدرەســـی تۆڕی ئینتەرنێتی هەردوو شـــوێنەکە جیایە، بۆ ئەم مەبەستە بەردەوام دەبێ گۆڕانکاری لە رێکخستنی تۆڕی ویندۆزەکەتان دا پێك بێنن. بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە پێویستە پرۆگرامی Mobile Net Switch دابەزێنن، ئەو پرۆگرامە زۆر بەهێزە زۆریش بە ئاسانی گۆڕانکاری لە رێکخستنی تۆڕی ویندۆزدا پێك دێنێ. لەگەڵ گشت ویندۆزەکان واتە XP، vista.7 دەگونجێت، تەنیا بە کلیکێك دەتوانی گۆڕانکاری لەسیســـتەمی تۆڕەکەدا پێك بێنی. بەیارمەتی ئەو پرۆگرامە نە تەنیا گۆڕانکاری لە تۆڕی ئینتەرنێتدا بگرە دەتوانـــی گۆڕانکاری لە تۆڕی پرینتەر و ئەو فۆڵدەرانەی کە هاوبەشـــن لەنێوان کۆمپیوتەرەکاندا پێك بینی.



# ئامێرێک بۆ دیاری کردنی خێرایی

زۆر لە ئێمەمانان حەز دەکەین بزانین خێرایی هەر شتێك کە دەجوڵێ لە مێروولەیەکەوە بگرە تا دەگاتە مرۆڤێك چەندە، ئەوانەی کە حەز لە وەرزش دەکەن، حەز دەکەن بزانن خێرایی راکردنی یاریزانەکان، یان خێرایی ڕۆیشتنی تۆپ بۆ ناو دەروازە چەندە؟ بەو مەبەستە ئەو ئامێرەی کە وێنەکەی دیارە بەرهەم هاتووە هەر شتێکی جولەدار کە لە ئێوە دوور یان نزیك بکەوێتەوە خێراییەکەی دیاری دەکات. خێراییەکەی تەنیا لە یەك چرکەدا دیاری دەکات. هەروەك ئاماژەم پێدا نە تەنیا شتی گەورە بگرە خێرایی شتی بچووك و وردیش دیاریدەکات. بەرهەمهێنی ئەو ئامێرە دەڵێت تەنیا بەمەبەستی خێرایی لە وەرزشدا ئەو ئامێرەم بەرهەم هێناوە، بەڵام دەکرێ بۆ زۆر شتی دیکەش سوودمەند بێ.





## یەکەمین لاپتۆپی سێ ڕەهەندی

جیهانی دیجیتال خەریکە بەرەو سێ ڕەهەندی هەنگاودەنێت، بەرهەمهاتنی ئامێرەکانی ئەم دواییە بەڵگەیەکن بۆ ئەم راستییە، وەك کامێرای سێ ڕەهەندی، تەلەڤزیۆنی سێ ڕەهەندی، فیلمی سێ ڕەهەندی، کۆمپیوتەری سێ ڕەهەندی...تاد. لە ژمارەی رابردوودا باسی بەرهەمهێنانی کۆمپیوتەری دیسکتۆپی سێ ڕەهەندیمان کرد، لەم ژمارەیەدا باس لە بەرهەمهێنانی لاپتۆپی سێ ڕەهەندی دەکەین.

کۆمپانیای LG کە یەکێکە لە بەرهەمهێنەرانی ئامێرەکانی تەکنۆلۆژیای سەردەم، لاپتۆپی جۆری Xnote A510 بەرهەم هێناوە، ئەو لاپتۆپە فیلم و وێنەکان بە سێ ڕەهەندی نیشان دەدات، بەڵام بۆ سوود وەرگرتن لەو لاپتۆپە چاویلکەیەکی سێ ڕەهەندی تایبەتی پێویستە کە لەگەڵ لاپتۆپەکەدایە.

## ناساندنی سایتێکی گرنگ

زۆرجار کە بۆ گەشتێك دەچین، بە ئاواتین کە کۆمپیوتەرەکەمان لەگەڵ خۆمان بردبا تا ئەو داتایانەی لەسەر کۆمپیوتەرەکەن بیانگوازینەوە، یان گۆڕانکارییەك لە داتاکان دا بکەین، ئەگەر کۆمپیوتەرەکە جۆری لاپتۆپ بێت، ڕەنگە بردنی بۆ ئەملاوئەولا کێشەیەکی زۆر نەبێت، بەڵام گەر کۆمپیوتەرەکەت جۆری دیسکتۆپ بێت ئەوە گواستنەوەی دژوارە.

ئەگەر ئێمە گەشتێك بۆ شوێنێکی دوور بکەین، بەڵام لەناکاو پێویستمان بە فایلێك یان وێنەیەك بێت کە لەسەر کۆمپیوتەرەکەمانە چ بکەین؟ دەکرێت لە ڕێگەی دوورەوە و لە کۆمپیوتەرێکی دیکە کۆمپیوتەرەکەی ماڵەوەمان بکەینەوە. بەڵێ لە جیهانی تەکنۆلۆژیادا هیچ شتێك مەحاڵ نییە. لە سایتی Teamviewer زۆر بە ئاسانی دەتوانی کۆمپیوتەرەکەی ماڵەوەت دەستکاری بکەی، یان فایل و داتاکانی بۆ شوێنێکی دیکە بگوازیەوە، تەنانەت دەتوانی پرۆگرامەکانی سەر کۆمپیوتەرەکەی بکەیەوە. هەروەها دەتوانی لە ڕێگەی دوورەوە کۆمپیوتەری ماڵەوەتان بکوژێنیەوە و هەڵی کەیەوە. کاتێك سەردانی ئەو سایتەت کرد، پرۆگرامێکی دوو میگابایتی دادەبەزێنی کە بە خۆڕاییە، دوای دابەزاندنی پرۆگرامەکە سایتەکە کۆدێکی چەند ژمارەییت پێدەبەخشێ، کە هەر کاتێك ئەو کۆدەت لێدا، ئەوە کۆمپیوتەرەکەت دەکرێتەوە، چونکە ئەو کۆدە تایبەتە بە کۆمپیوتەرەکەی خۆت، بۆ زیاتر شارەزابوون سەردانی سایتی Teamviewer بکەن.




# کامێرای وێنەگرتن بە توانای 46 میگاپیکسل

لە کامێرای دیجیتالدا پێوانەی وێنەی باش بە پیکسل لێکدەدرێتەوە، هەرچەندە وێنەکە پیکسلی زیاتر بێت، کوالیتیشی بەرزترە. لەم دواییانەدا کۆمپانیای Sigma کامێرایەکی دیجیتالی بەرهەم هێناوە کە بە SD1 ناسراوە، ئەم کامێرایە وێنەکانی 46 میگاپیکسلن، هە ر بۆ یە لەلایەن رۆژنامەوانانی وێنەگر و رۆژنامەوانە وەرزشییەکان گرنگییەکی زۆری پێدراوە. کامێرای دیجیتالی SD1 فلاش میمۆری دەخوێنێتەوەو وێنەکان لەسەر فلاش میمۆری خەزن دەکات، هەرچەندە کارت میمۆری جۆرەکانی SD و SDHCیش دەخوێنێتەوە.




# ئەنتی ڤایرۆسە بەخۆڕایی (2)

لە ژمارەی رابردوودا باسی یەکێك لەو دژە ڤایرۆسانەمان کرد کە بەبێ هیچ چەشنە بەرامبەرێك واتە بەخۆڕایی کۆمپیوتەرەکەت لە ڤایرۆس پاك دەکاتەوە و تا رادەیەکی باشیش وەڵامدەر بووە، لەم ژمارەیەشدا باسی یەکێکی دیکە لەو دژە ڤایرۆسانە دەکەین کە دەکرێ لە ریزی باشترین دژە ڤایرۆسەکانیان دابنێین.



## دژە ڤایرۆسی AVAST

دژە ڤایرۆسی AVAST ماوەی زیاتر لە دوو ساڵ خۆم تاقیم کردۆتەوە، بەراستی وەڵامدەرەوەی باشی هەبووە. ئەو دژە ڤایرۆسە خۆڕاییە و دەکرێ لە ریزی دژە ڤایرۆسە باشەکانی جیهانی دابنێین. دژە ڤایرۆسەکە دوو ئەرکی گرنگ بەڕێوە دەبات، هەم کۆمپیوتەر لە ڤایرۆس پاك دەکاتەوە و هەم ئەو پرۆگرامانەی ئەرکی سیخوڕی دەکەن دەناسێنێ. لەگەڵ زۆربەی سیستەمەکانی کۆمپیوتەریش دەگونجێت، ئەو دژە ڤایرۆسە لە ساڵی 1988ەوە بەرهەم هاتووە لە زۆربەی دژە ڤایرۆسەکان زیاتر دانلۆد کراوە. دەتوانی بە خۆڕایی لەو ئەدەرسەی خوارەوە ئەم دژە ڤایرۆسە دابەزێنێ. http://clicklinks.ir/29911b

# سڕینەوەی داتا و زانیارییەکان لە کۆمپیوتەر بۆ هەمیشە

زۆر جار هەیە فایلێك، جا دەقێکی نووسین بێ یان وێنەیەك یان فیلمێك..تاد بەهەڵە یان بەهۆی گرفتی ڤایرۆس و تێکچوونی کۆمپیوتەر لە کۆمپیوتەرەکە دەسڕدرێتەوە، بەهۆی چەندین پرۆگرام کە ئەرکیان گێڕاندنەوەی فایلە سڕاوەکانە دەتوانین فایلە سڕاوەکان وەك خۆیان بگەڕێنینەوە، لەوەوە بۆمان دەردەکەوێت کە هیچ کاتێك ئەو فایلانەی کە ئێمە پێمانوایە سڕاونەتەوە، لە کۆمپیوتەردا قەت ناسڕدرێنەوە. ئەگەر نیازمان هەبێت فایلێك یان پرۆگرامێك بۆ هەمیشە لەسەر کۆمپیوتەر بسڕینەوە و بەجۆرێك بە هیچ پرۆگرامێك نەگەڕێتەوە چ بکەین. بۆ نموونە نیازمان هەیە کۆمپیوتەرەکەمان بدەینە یەکێك یان بیفرۆشین، نامانەوێت فایل و داتاکانی سەر کۆمپیوتەرەکە بە هیچ پرۆگرامێك بگەڕێنەوە لەکاتێکی وادا دەبێ چ بکەین؟ هەروەك دەبینین لە زۆر لە ئیدارەکان، ئامێرێك هەیە کە کاغەزەکان ورد دەکات بە جۆرێك کە سوودیان لێوەرنەگیرێ، لە کۆمپیوتەریشدا پرۆگرامگەلێك هەن کە ئەرکیان وردکردن و لەناوبردنی زانیارییە شەخسییەکانە بە جۆرێك کە قەت نەگەڕێنەوە. پرۆگرامی BCWipe یەکێکە لەو پرۆگرامە بە هێزانە.

ئەو پرۆگرامە لەلایەن وەزارەتی بەرگری ئەمریکا و وەزارەتی وزەی و ژینگەی ئەمریکا سوودی لێوەردەگیرێ. بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەکرێ هاردی کۆمپیۆتەرەکە خاوێن بکرێتەوە. بۆ وەرگرتنی ئەو پرۆگرامە بە خۆڕایی دەکرێ ئەو لینکەی خوارەوە لێبدەن http://clicklinks.ir/29905a.

